پێم نیشاندراوە ئێوە تاقیدەکرێنەوە لە نێو گۆڕدا (بە تاقیکردنەوەیەک) نزیک لە تاقیکردنەوەی دەججال

لە ئەسمائی کچی ئەبوبەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەستا وباسی ئەو تاقیکردنەوەی (فیتنەیەی) کرد کە تووشی مرۆڤ دەبێت لە نێو گۆڕەکەیدا، کاتێک باسی ئەمەی کرد؛ مسوڵمانان دەنگیان بەرزکردەوە (بەهۆی قسەکردن وژاوەژاو) ئەمیش بووە هۆی ئەوەی لە قسەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تێنەگەم، کاتێک بێدەنگ بوونەوە بە پیاوێکم ووت لە نزیکمەوە: خوای گەورە بەرەکەتت پێببەخشێت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کۆتایی قسەکانیدا چی فەرموو؟ ووتی (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی): «پێم نیشاندراوە کە (وەحیم بۆ دابەزیووە کە) ئێوە تاقیدەکرێنەوە لە نێو گۆڕدا (بە تاقیکردنەوەیەک -فیتنەیەک-) نزیک لە تاقیکردنەوەی (فیتنەی) دەججال».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە]

ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سدیق -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکیان وەستا و وتاری بۆ خەڵکی دا وئاموژگاریانی کرد وباسی قیامەتی بۆیان کرد، هەتاوەکو گەیشتە باسی گۆڕ وئەوەی تێیدا ڕوودەدات، وباسی فیتنە وتاقیکردنەوەی نێو گۆڕی کرد، ومەبەست لە تاقیکردنەوەی (فیتنەی) گۆڕ: پرسیاری دوو فریشتەکەیە -مونکەر ونەکیر- لە بەندە سەبارەت بە پەروەردگاری وپێغەمبەرەکەی وئاینەکەی، وبەم ناوە (فیتنە:تاقیکردنەوە) ناونراوە چونکە تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەورەیە کە ئیمان -باوەڕ- وپەقینی بەندەی پێ تاقیدەکرێتەوە، ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەم تاقیکردنەوەیە؛ براوەیە، وئەوەی سەرکەوتوو نەبێت؛ دۆڕاوە وتیاچووە، کاتێک -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەمەی کرد مسوڵمانان دەنگیان بەرزکردەوە بەهۆی قسەکردن وژاوەژاو؛ لە ترسی تاقیکردنەوەی نێو گۆڕ، ئەم دەنگەدەنگە بووە هۆی ئەوە ئەسمائی کچی ئەبوبەکر گوێی لە قسەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەبێت، کاتێک خەڵکی بێدەنگ بوونەوە، ئەسماء بە پیاوێکی ووت کە لە نزیکیەوە بوو: خوای گەورە بەرەکەتت پێببەخشێت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کۆتایی قسەکانیدا چی فەرموو؟ ئەویش ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پێم نیشاندراوە کە (وەحیم بۆ دابەزیووە کە) خەڵکی تاقیدەکرێنەوە وتووشی فیتنە دەبن لە گۆڕ بە تاقیکردنەوە وفیتنەیەک نزیک لە تاقیکردنەوەی مەسیحی دەججال؛ چونکە فیتنە وتاقیکردنەوەی مەسیحی دەججال گەورە وسەختە وهەروەها فیتنە وتاقیکردنەوەی نێو گۆڕیش بەهەمان شێوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11207